www.kurdistannet.org

30-10-2006 7:56بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## دەردی دڵێک لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەن زادە ... یادگــار

دنیایەکی سەیر و سەمەرەیە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بۆتە ئامڕازی یاری منداڵانەی دەستی مامۆستا مەلا حەووڵڵا! ئەم زاتە، بە درێژایی تەمەنی ژیانی خۆی، لەگەڵ گیروگرفتە سایکۆلۆژییەکانی خۆیدا، لە کێشە و بگرەدایە. مامۆستا ناحەقی نیە کە ئاوابێت، چوونکە شێوەی پەروەردە، بارهێنانان و ڕاهێنانی، مەحروومییەت، ئەو مەڵبەندەی کە لێ گەورە بووە، کولتووری بنەماڵەیی، هەموو ئەم فاکتەرانە و دەیان فاکتەری دیکە، شێوەنەواریان لەسەر هەڵدان و گەورەبوونی و شێوەی هەڵس و کەوتی داناوە، بۆیە لە ئاکامدا، وەک مامۆستایەکی بوغزن، حەسوود، قین لە دڵ، بەرچاوتەنگ، تۆڵە ئەستێن، پێداگرتن لەسەر میتۆدی بیری کۆن و نامۆ بە سەردەم، موغریز، لەچەر، بارهاتووە، ڕاهاتووە و گەورە بووە. ئەو کردەوە و دژ کردەوانەی کە ئێستا لە خۆی نیشانیانی دەدا، ئەو هۆکارانەن کە باسم لێوەکردن. کەوایە، کەسێک کە خاوەنی ئەم سیفەتانەبێت، زۆر ئاساییە کە کردە و کردەوەکانیشی، لەم بازنەیەدا، بخولێنەوە!

مامۆستا، ماوەیەک لەمەوپێش لە دیمانەیەکی لەپێش دا گەلاڵە بۆ دارێژراو و نا ئاسییدا لەگەڵ کەسێک بە ناوی خالید محەممەدزادە کە لە ماڵپەڕی (بۆ ڕۆژهەلات و ڕاستتیەکاندا ـ ئەم دوو ماڵپەڕە بۆ دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دروست بوون)، ئاماژە بەوە دەکات، کە: " ئەگەر من نەبوومایە، خەتە فیکرییەکانی دوکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو سڕابوونەوە"

واتا مامۆستا خۆی بە پارێزەری خەتە فیکرییەکانی شەهیدی مەزن دوکتۆر قاسملوو دەزانێت.

بەڕاستی موبالغە و بە شان و باهووی خۆدا هەڵدانیش، سنوورێکی هەیە.

وادیارە، مامۆستا، یان زاکیرە و زەینی، زەعیف بوون، یان ئەوەتا کە قسەکەری ئەمڕۆ، ساحێبی قسە و کردەوەکانی دوێنیی خۆی نییە!! مامۆستا! لە بیرت چۆتەوە، بۆ ڕاگرتنی دڵی کۆنە هاوڕێیانی سەنگەر قەڵشێن، واتا لادەرەکان، پلینۆم و کۆبوونەوەی یەک بە دوای یەکت لەسەر لابردنی وێنەی ڕێبەرانی نەمر: (دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی) پێک دەهێنا؟ لە بیرت چۆتەوە، لە پلینۆمەکانی پێش کۆنگرەی 13، ئەو کات کە جەنابت باڵی زۆرایەتی حیزب بوویت، بڕیاری لابردنی وێنەی ئەو شەهیدە سەربەرزانەت دەدا و بۆ جێگیربوونی بڕیارەکەت، دەت فەرموو: (خۆ من بەم وێنانە. جامخانە ساز ناکەم) !! دوکتۆر قسملوو و دوکتۆر سەعدیت بە وێنەی جامخانەی کووچە و شەقامی شارەکان دەشوبهاند؟ لە بیرتە، لە و پلینۆم و کۆبوونەوانە، کە سەر نەدەکەوتیت و لە لایەن بەشدارانی پلینۆمەوە، بە " نا" وەڵامت دەدرایەوە، دواتر لە کۆبوونەوەکانی سەرەوەتر، واتا لە کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسیدا، ئەو دەم لەوێش زۆرایەتی موتڵەق بوویت، لەو یەوە کەڵکت وەدەگرت بۆ چەسپاندنی ئەو بڕیارە نا موقەددەسەت؟ مامۆستا گیان لە بیرتە، هەر پاش ئاشکرا بوونی ئەم نیاز و مەبەستەت، چۆن بەدەنەی حیزب لە نێوخۆی حیزبەوە، لە کوردستان و ئورووپا و شێوەنەکانی دیکەی ئەم دنیا خرۆشان و لێت بە دەنگ هاتن؟

مامۆستای بەڕێز! لە بیرتە کۆنە هاوڕێیانی سەنگەر قەڵشێن و یەک لەوان (کاک حوسێنی مەدەنی) لە بنکەی پێشمەرگەکاندا دەیگوت: " ئەرێ بابە! ڕێژیمی بەعس ڕووخا و دیکتاتۆرێکی وەک سەددام لە نێو چوو، پێم نالێن ئێوە تاکەنگێ وێنەی ئەم دوو دیکتاتۆرە، واتا قسملوو و شەرەفکەندی، لە بنکە و مەقەڕەکانتان لا نابەن"؟!

مامۆستا گیان، جەنابت، پێش کۆنگرەی 13، مەگەر لە هەوڵی ئەوەدا نەبوویت، کە سیستەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بکەیت بە سیستەمی ڕێبەریی و خۆت وەک ڕێبەر دیاری بکەیت؟ تەواوی هەوڵ و فیکر و زیکرت بە بنەماڵەیی کردنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران نەبوو؟ مامۆستا! خۆت

چاک دەزانیت کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران 27ساڵە، دژی سیستەمی وەلایەتی فەقی بابەت و وتار دەنووسێ و خەباتی لە دژ دەکات، بەڵام نیازی تۆ ئەوە بوو کە بۆ مادامولعومر، وەک ڕێبەر بمێنێیتەوە! واتا شێواندن و تێکدانی سیستەمی دێمۆکراتیکی حیزب و زیندە بەچاڵ کردنی دێمۆکراسی و فەوتاندن و کوشتنی کاری بە کۆمەڵ لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!!

مامۆستا گیان! ئەگەر ئەم ئاکار و کردەوانەی جەنابت، لە ڕاستای کوێر کردنەوەی ڕێبازی قاسملوودا نەبوو، ئە چی بوو؟ ئاوا دەتەوێت " خەتە فیکرییەکانی دوکتۆر قاسملووی شەهید، بپارێزیت؟ ئەگەر مەبەستت کوێر کردنەوەی ڕێبازی قاسملوو نەبوو، ئەی بۆ هێنانە خواری وێنەی ئەو شەهیدە مەزنەت، دەکرد بە سەر تیتری باس و خواسی پلینۆم و کۆبوونەوەکانی، سەردەمی دەستەڵاتداریێتیت؟ ئەگەر مەبەستت تەفروتونا کردنی خەتە فیکرییەکانی دوکتۆر قاسملوو نەبوو، باس کردنی وێنەی شەهیدان، چ مەوزووعییەت و زەروورەتێکی هەبوو؟ تۆ کاتی خۆی، قەیران و ئالۆزییە نێوخۆییەکانی نێو حیزبت لە کۆبوونەوەکاندا پاساو دەدا و دەتان فەرموو: " ئێمە هیچ گیروگرفتێکمان نییە، هەرچیش لەملاو لەلا باسی دەکەن، فریان بەسەر ڕاستتەوە نییە"! مامۆستا، بەڕاستی وابوو؟

مامۆستا، ئەگەر نامەی بە ناو " ئۆپۆزیسیۆن" لە سەردەمی جەنابت دا، نووسرا با و ئاراستەت کرابا، تۆ چ هەڵوێستێکت دەبوو؟ مامۆستا، جەنابت شایانی ئەم کردەوانە نەبوویت، بەڵام بەدا خەوە، سەلماندت کە جەنابت، شتێکی ئەوتۆ لە ڕێبەری گەورە دوکتۆر قاسملوو، فێر نەبوویت. تکایە ئیدی بە کەڵک وەرگرتن لە هاوڕێیەتی 30 ساڵەی خۆت لەگەڵ ئەو شەهیدە مەزنە، کیسە بۆ کەس هەڵمەدروو و ناز و فەخریشمان پێ مەفرۆشە. چوونکە مێژوو ڕەحم بە کەس ناکات.